www.kurdistannet.org
1-8-2003 1:17

# سەدامە بچكۆلەكان!

## دنیاكەرە، كەریش ئەیخوات! عەلیكوری ئەبوتالیب

**كەیهان عەزیز**

kayhanaziz@maktoob. com

گەردنیا كەرنەبوایە، كەرێكی وەك سەددام نەیئەخوارد.

كێ دەڵێ تەفروتونابوونی ڕژێمی سەدام پایانی دیكتاتوریەتە؟.

ڕووخانی ڕژێمی سەدام وشادی نەمانیبەعس سەرمەستی كردبووم. بەدیهاتنی یەكێ لەخەوە دێرینەكانم بوو.، دەستم قەڵەمی نەدەگرت یان هەندێ جارنەمدەوویست ڕیتم وئاهەنگی لاچوونی خوایەك بەنووسین تابلۆ بكەم.

سەددام هات، زۆربەئاسانی كوشتن و بڕین و كۆقەبر، ئەنفال وژەهرباران. . . پێناسەكەی بوو، چونكە بۆ ناساندنی خۆی شوناسنامەیەكی دیكەی شكنەدەبرد.

سەددام ڕۆیشت، كەچی سایەكانی، بەنێوی جیاجیاوە دەیانەوێ جێی بگرنەوە. سەددام چوو، وەلێ سەددامیزمان بە دیاری بۆبەجێما، هەر بۆیەپێدەچێ هەر پارت وهێزێكی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لەئسرایل) كەدیمانەی بەدەسەڵات شاد دەبێ، ئیدی ئەویش لەشۆڕشگێرترین هێزەوە دەبێتە هێزێكی شرەخۆرو پاتاڵەودڕندە. ئاگاهانەو ناخودئاگاە، ئوتوماتیكانە ڕۆڵ و ڕەفتارو ڕوخساری ڕژێمی پێشوو یا لابراو، بەنەختێك ئارایشەوە دەگرێتەوە!

كەوایەسەیر نیە، نزیك لەچوارمانگ بەسەر ڕووخانی (سەدام) دا دەگوزەرێ، كەچی هێشتا ئەم ڕووخانە بۆ سەددامە بچكۆلەكان نەبۆتە پەند!.

تازە ئەوان ئاهەنگی گرتنی كوورسیەكەی سەددام! دەگێرن، تا ئاهەنگی تڕۆبوونی خودی سەدام. چونكە فەلسەفەی بوونی ئەوانیش وەك فەلسەفەی بوونی بەعسەو ڕەفتاروگوفتاریان لەسەددامی باب دەچێ! دەنا : پاش تێپەڕینی دوانزەساڵ بەسەر قۆرتكردنی دەسەڵات لەكوردستاندا، ئەوەی كەبینیمان ولەگەڵی ژیاین تەنها فتوكوپی سەددامی
باب بوو، بەنەختێك دیكۆرەوەوبگرە زۆر بەئاگاهانەوە ملی هەمان ڕێساویاسایان دە گرتە بەر!

.بڕواننە ڕۆژنامەكانی هەرێم وسەرتیترەكانی، هەردەڵێی وەرگێڕانی كوردی ڕۆژنامەكانی دەورانی بەعسن !لەوبەر (لقاوات القائد الحبیب بوو، لەمبەریش چاوپێكەوتنەكانی هێژابارزانی. . . لەوبەر الرئیس القائد خلال كلمە. . .) لەمبەر بەرێز تاڵەبانی لەلیدوانێكیدا. لەوبەر. . . میدیاكانی ئەم دووحیزبە و رابەرەكانیان بەهەمان زمان و ڕوخساری داپڵۆسێنەرەكەیان خۆیان نمایش دەكەن !، بەم پێیەشە، كەبۆ ڕتووش ودیكۆرو میكیاژ، پێویستیان بە زوڕناژەن و كاسەلێس دەبێ، بەعس پێویستی بەكەسانی كاسەلێس و ئینشا نووس ودرۆزن ودەربار (عبدالرزاق عبدالواحد، هانی وهیب. .) بوو. پارتەكانی كوردستانیش پۆلێك ئینشانووس وماستاوچی وای لەقووتابخانەكانیدا دەرچوواندووە، كە تەواوی پۆخڵەواتەكانی ئەم چەندین ساڵەی ڕابردووی حیزبەكان، بەتێكۆشان بەخەڵكی دەفرۆشنەوە ! .

لەڕاستای ئەمەدا، پاش تێپەڕینی سێ مانگ بەسەر ڕووخانی سەددامدا، چاوەڕێ و ئومێدەواربووم، ، ئاسەواری سەددامیزم و یاداوەریە تەڵخەكانی لە بەرچاو لابرێت بەوەی:

_سەددام، تەنها سیكسی لێدەرچێ بەدرێژایی 25 ساڵ، قارەمانی ژمارە 1ی TVتلویزیونی عیراق بوو، ئێوەش لەبەر وەڕزبوونی خەڵك لەوڕەزا گرانە (سەرەكەرە) ، یەكەمین كارتان دووركەوتنەوەتانە لە TV وئینشا وخوتبەدان.

– چۆن وێنەكانی دكتاتور درایە بەرنەعل وئاسەواری نەما، لەپێناوی چارەنووسێكی باش بۆ خۆتان و وێنەكانتان، چی زووترە وێنە وئینشاكانتان كۆبكەنەوەتا بەدەردی وێنەكانی سەدام نەچن.

–كوڕوبراوبرازاكانیان كەوەك ئەوانەی سەدام پۆستێكی كلیلیان دراوەتێ، لێیان بسەنرێتەوە و ڕێگا بۆ ئەندامەئاكادیمیك وپڕوفیشیوناڵەكان بكەنەوە، نەك بۆ گەمژەوماستاوچی ومرۆكوژەكان. . .

–دەستگاکانی ڕاگەیاندنیان، کەرێك فتوکوپی میدیاکانی سەددامە، بنەوبارگەی بپێچنەوە و پریۆدی ئینشا نووسینی ڕابەروحیزبییەکان کۆتایی پیَ بێت،

–ماستاووتەقدیس وهالەی مەزن بۆ کاراکتەروگیانی پیسی سەرکردەکۆتایی پیَ بیَ. !. . . تاد. . . . . .،

– بۆیە پێناچیَ سەرکردایەتی کورد کەمێژووی قۆرتکردنی دەسەلاَتیان، لەمێژووی سەددام وبەعس درێژخایەنترە!، و چوونەتە خانەی فۆلکلۆرەوە، ئامادەیی خانەنشینیان هەبێت. لەم ڕاستایەدا، لەبری ئەوەی لەم پریۆدەدا ڕیفراندۆمێك لەکوردستاندا ساز بکەن، چاوویان بڕیوەتە بەغدا. هەرێم وڕیفراندۆمی خەلّکی کوردیشان کردۆتە قووربانی مانگێك سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی، لەبەغغغدا.

_ئومێدەکانم زۆرن ویەکیان بەدیهاتووە و ئەوانی دیکەش، تائێستا لەچوارچێوەی نووسین تێپەڕناکا.

Denbosch
1-08-2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.